ئاوێنە بڵاوكراوەیەكی گشتی یە
دوو هەفتە جارێک کۆمەڵێک
کوردی شاری لیدس دەری دەکەن.
ژمارە 2 ڕۆژی 30-08-2005

**Returned Kurdish asylum seekers, would Britain be responsible for their safety if any thing happen to them. We talking about Iraq after all, it is a war zone.**



ئاوێنە ڕەنگدانەوی ژیانی ئێمەیە

## بەریتانیا گوێ بە چارەنووسی پەنابەران نادات!!



بەریتانیا گوێ لە UN ناگرێ کە دەڵێت عێراق شوێنێکی ئاسایش نیە و مەترسی زۆرە و بە هیچ شێوەیەك پاڵپشتی ناردنەوەی پەنابەران ناكات، هەڵبەتە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا لە ساڵی 2004 ەوە خەریكی نەخشەكێشان و ئامادەكردنە بۆ ئەم كارە لە گەڵ دەزگاكانی حوكومەتی تازەی عیراق. ئەویش بە گوێرەی سێكشن 4 كە شوێن و خواردن دەستەبەردەكات بەرامبەر ئیمزاكردنی بەڵگەنامەیەكی یاسایی كە ڕەزامەندی پەنابەرەكە پیشان دەدات بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق.

### چیرۆكەكە لێرەوە دەست پێدەكات!

كێشەكە دەست پێدەكات كاتێ كە وەزارەت داواكاریەكەمی بۆ پەنابەرێتی ڕەت كردەوە و دوای ئەوەی كە هێچ ئومێدیشم نەما كە گوێم لێ بگیرێت وەزارەت بڕیاری دا كە ئەو بڕە پارەیەی كە پێیان بەخشیبووم لێم ببڕن و دەرم بكەن لە شوێنەكەم، ناچار برادەرەكانم، ڕەفیقە خۆشەویستەكانم دەستی یارمەتیان بۆ درێژ كردم و لە خەوی سەر جادە و پاركەكان ڕزگاریان كردم و هەركەس لە لای خۆیەوە تۆزێ پارەیان بۆ كۆكردمەوە. بەڵام بیرم كردەوە: من بەم حاڵە ناتوانم بژیم من تا كەی دەست لە برادەرەكانم پان بكەمەوە، تا كەی ئەم شوێن بۆ ئەو شوێن بكەم. هەر بۆیە بڕیارم دا سەردانی دوكانێكی نزیك بكەم و داوای ئیش كردن بكەم، ئیشەكەم پێدرا سەعاتی بە یەك پاوەن و ئەگەر تۆزێ بەزەیی بە مندا بهاتایە ئەوا خواردنیشم هەبوو، هەرچەندە باش دەزانم كە نزم ترین نرخی ئیش كردن لە سەعاتێكدا زیاتر لە پێنج پاوەنە بەڵام سوپاس بۆ وەزارەت كە لە هەموو شتێكیان كردم بەڵام پێشم دەڵێن بۆت نییە ئیش بكەیت. بەڵام من نارەحەت بووم بە دانیشتنم لە گەڵ برادەرەكانم كە هەركەس وەزعی دەگۆڕێت و ناچار ناتوانن یارمەتیم بدەن و بۆیە وازم لە ئیشەكەش هێنا لە بەر ئەوەی هەست دەكەم خوێن مژینە دە سەعات ئیش بۆ تەنها دە پاوەن. هاوكات هەواڵێك زۆر بڵاوە كە لە (Refugee Council) دەتوانی داوای خانوو و یارمەتی بكەیت، منیش خێرا خۆم گەیاندە لای ئەوان، بەڵام بۆم دەركەوت كە ئەمە بڕیارێكی وەزارەتە كە پێی دەڵێن سێكشن 4 و یەك مەرج هەیە بۆ ئەم شوێن و یارمەتییەی كە پێم دەدەن ئەویش ئەوەیە دەبێ بەڵگەنامەیەك ئیمزا بكەم كە ڕازیم بمنێرنەوە بۆ عیراق، ئەو دەمە لە بەر بێ شوێنی و بێ یارمەتی بڕیارم دا كە ئیمزا بكەم، پاش هەشت مانگ هەر ئەوەندەم زانی بەیانییەك لە دەرگایان دا و هاتن گرتمیان و لە زیندان دایان نام! زۆر دڵتەنگ بووم بەڵام بۆم دەركەوت كە هەر من نیم بگرە 15 كوردی تریشی لێیە و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەشمان زیاد دەبێ و موتەرجیمەكە بۆی ئاشكرا كردین كە دەمان بەنەوە بۆ عیراق، زۆر سەیرە من چۆن بیرم لە مەسەلەی گەڕانەوە نەكردەوە، كە چەند ترسناكە، كە چەند ناخۆشە، ئەو هەموو یادگارە تاڵانەی كە چەندین ساڵە لە دەستیان ڕادەكەم، ئەوا بە چەند ڕۆژێكی كەم دەچمەوە بۆ باوەشیان،دەگەڕێمەوە بۆ گۆڕەپانی جەنگ. ئەوەندەی نەبرد سواری فڕۆكەیان كردین و و لە شوێنێك دایان بەزانین كە بۆم دەركەوت فڕۆكەخانەی هەولێرە!!!

### ئایا سێكشن 4 تەڵەبوو؟؟؟ یان پیلانێكی یاساییانەبوو؟

وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا ساڵی ڕابردوو هەڵسا بە دابەشكردنی خانووبەرە و یارمەتی بە سەر ئەو كەسانەدا كە داوای پەنابەرییەكانیان شكستی هێنابوو، بەڵام بە مەرجێ بەڵگەنامەیەكی یاسایی ئیمزا بكەن كە ئامادەن بگەڕێنەوە ووڵاتی خۆیان هەر كاتێ وەزارەت بە باشی زانی كە كاتی ناردنەوەیان هاتووە، هەڵبەتە دەزگای (Refugee Council) لەم بوارەدا دەستێكی باشی هەبوو بۆ بە ئەنجام دانی ئەم كارە كە ئێستا زۆر بە ئاشكرایی ناڕەزامەندی خۆیان ڕادەگەیەنن بەرامبەر هەڵویستی وەزارەت بۆ ناردنەوەی عێراقییەكان، ئایا ئەو دەمە نەیاندەزانی كە وەزارەت بە تەمای چییە؟

**Zana**

**In page 2 reed this article in English**

## *Britain ignores the FATE of the asylum seekers!!*

**Britain again ignores UN's advice, which clearly indicates that Iraq is not a safe place to send back the refugees to, in 2004 the Home Office has began a wide planning and preparation to do so by communications with the new Iraqi Government and by bringing Section 4 to light which gives them accommodation and support but also asked them to sign a document that they agree to be sent back home.**

## The story begins here!!

**The problem started when my claim for asylum was refused by the Home Office and after I lost all hops I was asked to leave the accommodation which was provided to me and they also said that I don't need the £30 per week I was getting any more. So no accommodation or support at all. I ended up sleeping rough but soon I had some help from my very good friends, who helped me with accommodation and some money for a while, But I couldn't live like that any more on peoples sofa and open my hands for them to give me money, so I went to look for a job at a local shop and luckily I was given a job of 10 hours a day but I was getting £1 per hour only and some times they were giving me meals as well, I did know that the minimum wage is over £5 but I had no choice but to accept the job as the Home Office took every thing from me without thinking how this poor asylum seeker will live on, they even didn't give me a permeation to work. And soon after a while friends whom I was staying with, their circumstance have changed and I could no longer stay with them, and also I gave up the job as I thought working 10 hours for £10 is blood sucking, but then there was a news among Kurds that you can get accommodation and some support at the Refugee Council. So I quickly went there but I found out that it is a new law or legislation or procedure from the Home Office called Section (4), there was one condition which is signing a document to agree to be sent back to Iraq when the government thinks it is appropriate for me to go home, well Iraq was never a safe place and was always a war zone, therefore I thought the Home Office wouldn't return me there yet, but 8 month past and in an early morning the Police came to my house and took me to a prison I felt terrified and very scared but I found that there is another 15 Kurdish prisoners too and our numbers were growing day by day, then an interpreter told us that we all going to be deported back to Iraq, it is very strange how I never thought about this issue of me returning to Iraq, how afraid I was to go back to all those bad memories that I was for years running away from, just like that in a matter of days time I would be taken back to Iraq. Then later we all boarded a plain and we got of some were I discovered it was (Hawler international airport)!!!**

## Section 4, was it a legal trap??

**In 2004 the Home Office started to give accommodation and some support to failed asylum seekers, but in one condition which is to sign a legal document which confirms the individual's agreement to be sent back home to the country of origin when the Home Office thinks it is appropriate to be sent back to that country. Of course the Refugee Council had a big role in perpetration for this and they are now condemning the Home Office's act of sending the Iraqis back home, the question is: did they never know that the Home Office is attempting to send all these people back home? Or they knew but they couldn't do any thing to help this people.**

**Zana**

**بەڕێزان خوێنەرانی ئاوێنە!**

**دەتوانی داوای ژمارەکانی ئاوێنە بکەیت بە ناردنی ئی - مەیڵێك بۆمان و ئێمەش هەمیشە دەتوانین ژمارە تازەکانی ئاوێنەشت بۆ بنێرین، ئەگەر بابەت یان پێشنیارت هەیە تکایە پێمان بڵێ بۆ ئەوەی بتوانین باشترین خزمەت بە ئێوە بکەین و سەرنجەکانتان بڵاو بکەینەوە.**

# Awena reflects our lives

## تۆ و ئاوێنە !

لە شەوێکی باراناوی، من هاوڕێ لەگەڵ ساتە تەنیایی یەکان، شان بە شانی بێ دەنگی یەکان، ئەمانەوێت باس لە جوانی و پاکی و بێگەردی ئاوێنە بکەین! ئاوێنەی ئەشق! ئاوێنەی جوان پەرستی و ئاشقی جوانی. ڕەنگی هیچ مرۆڤێك لە ئاستی ئاوێنەدا ناگۆڕێ چونکە ئاوێنە ڕوو ڕاستە لە ئاستی مرۆڤەکاندا. چ ڕۆژێك تۆ ئەتەوێت لە ماڵ بچیتەدەر و سەیری ئاوێنە نەکەیت؟! دڵنیام گەر بچیتەدەر و سەیری ئاوێنە نەکەیت، لە خۆت بەگومانی! ئەو گومانەش ئەوەیە کە بە بێ سەیری ئاوێنە چوویتەدەر! جا گەر دەتەوێت مرۆڤێکی بێ گومان بیت، ئەوا دڵت بکە بە ئاوێنە! بە ئاوێنە!

هێمن

## Britain started sending Kurds back!

Now we all know that scores of Kurdish asylum seekers been kept in detention for there removal with no sings that they could be released, despite all efforts and campaigns from refugee organisations as well as several demonstrations held by supporters of these detainees and there local communities in Britain. A debate about why these people been detained and what implication this might have on the Kurdish community has been going on since then. And because of the importance of this issue we as Awena thought it would be better to have a closer look into the reasons and motivations which might encourage the government to apply such measures, despite the growing reservations from bodies and organisations who work closely with this particular community. Therefore from our thought and believes added to what we managed to collect from what have been said or suggested within and outside the Kurdish community, we have come into some conclusions as follows:

1) Compared with failed asylum seekers from other communities, Kurds are on the top list in terms of the governments force return plan.
2) Majority of the detainees are Kurds who applied for section (4) with few who never signed VARRP applications (voluntary assisted return and reintegration program).
3) Having no statues and been failed asylum seekers have forced them to choose between: destitution or voluntary return.
4) Although the plan itself is for Iraqi asylum seekers in general but Kurds are the main target.

However, people who shared these thoughts and believes in there minds, had shown there grown concerns and anger to the way government has dealt with this particular community so far. Some were very concern about the state of detention centres where these people been kept. Some were asking for there immediate release and others wandered if the government stop the whole plan. And accordingly we as Awena would like to share there concerns but also would like to address more serious issues that the authorities should take into considerations, while they dealing with these detainees:

1) They should not take advantage of there good will as long as they want to go back voluntarily and they should be dealt with in a decent way.
2) Majority of detainees do not know there legal rights while they are in detention.
3) With current economical situation in Kurdistan the I.O.M (international organisation for migration) needs to grant extra helps to returnees in terms of the reintegration fund which is currently only £500.
4) More helps are needed in terms of reintegration programme by giving support and help to the local government in Kurdistan in order to help the returnees setting up a small business or to resettle.
5) Repression, persecution, fear, troubled life, ethnic cleansing, unemployment, no house and no opportunity were very obvious reasons why Kurds claimed asylum in the first place. Therefore they would not feel comfortable had they been forced to suffer them again.

**Hiwa Mahmmud**

دەقی ئەم بابەتە بە کوردی بخوێنەوە لە لاپەڕەی 7



**بەڕێزان ئەم خانمە یەكێكە لەو هەزاران كەسەی كە لە كورد دڵسۆزانەتر باوەڕی بە سەربەخۆیی كوردستان هەیە! دە گوێ بگرن بەڕێزیان چی دەڵێن لە كۆنفرانسی پارساڵی ڕیفراندۆمدا!**

## ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان لە عێراق!

**ڕیفراندۆم وەك ئەڵتەرناتیڤێكی دیموكراسیانە ـ لەندەن 2004**
**لە لایەن لینا كلیڤیناس. پارتی سەوزی سویدی**

**سوپاسی بانگهێشتی هاتن وقسەكردن لە كۆنفرانسەكەتاندا دەكەم بۆ بەشداری كردن لە هەڵمەتی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان. من نوێنەرایەتی پارتی سەوزی سویدی دەكەم وبە ناوی پارتەكەمەوە هیوای سەركەوتن بۆ ئەم كۆنفرانس وهەڵمەتە دەخوازم. ڕێگەم بدەن بە قسەكردن دەربارەی سوید دەست پێ بكەم. چۆن ڕوویدا! كە ئێمە یەک لەسەر سێی خاكەكەمان لە دەست دا چونكە پارچەیەكی گەورە ویستی وولاتێكی سەربەخۆو ئازاد بێت. سوید سەد ساڵ لەمەوبەر وولاتێكی زۆر گەورەتر بوو لەوەی كە ئەمڕۆ هەیە. لە 1814 ئێمە نەرویج مان بردەوە لە دانیمارك وە سوید- نەرویج یەك بوون لە یەكگرتنێك لەگەڵ شانشینێكی هاوبەشدا. ئەوان هەستیان بە تایبەتمەندێتی زمانی خۆیان و كلتووری خۆیان كرد. بۆیە نەرویجیەكان دەم ودەست دەستیان كرد بە شەڕ لە پێناو سەربەخۆییدا. ئەوان 91 ساڵیان پێ چوو. خەباتەكە كۆتایی پێهات بە ڕیفراندۆمێك كە تیایدا 99% ی نەرویجیەكان ویستیان جیاببنەوە لە سوید. لە 1905 نەرویج وەك وولاتێكی ئازاد و سەربەخۆ دامەزرا. من لە ڕێگەی خوێندنەوەوە زانیومە كە خەڵكی كورد پەیمانی دامەزراندنی وولاتێكی سەربەخۆیان پێ درا لە 1920 دا. ئەوە وەعدێكە هێشتا نەهاتۆتە دی. ئەوە 84 ساڵ لەمەو بەر بوو. ئەگەر شەڕی ئێوە درێژتر نەبێت لە نەرویجیەكان ئەوا ئێوە 7 ساڵتان ماوە. هیوادارم سەربەخۆییتان بێتە دی لە ماوەی ئە و 7ساڵەدا. ماویەتی....**

**Dear readers this lady like thousands, believes in independence of Kurdistan, more than Kurds them self!**

## Referendum for independence in Iraqi Kurdistan

Referendum campaign for Independence of Kurdistan – London 2004
Speech by Lena Klevenas. Green Party Sweden

Thank you for the invitation to come and speak at your conference and participate in your campaign for a referendum for independence for Kurdistan. I represent the Green Party of Sweden and on behalf of my party I wish you all great success with this conference and with the campaign. Let me start by telling you about Sweden. How it happened that we lost about one third of our territory because one big part wanted to be an independent and free state. Sweden was hundred years ago a much bigger country than it is today. In 1814 we had won Norway from Denmark and Sweden-Norway was united in a union with a common king. But Norway didn't want to be a part of Sweden. They felt special, with their own language and their own culture. So the Norwegians immediately started to fight for independence. It took them 91 years. The struggled was completed with a referendum where 99 % of the Norwegians wanted to separate from Sweden. In 1905 Norway was established as a free and independent country. I have learnt by reading that the Kurdish people were promised to establish an independent state in 1920. It is a promise which is not yet fulfilled. It is 84 years ago. If your fight will be no longer than the Norwegians you have 7 years left. I hope your independence will come in that period of 7 years.

To be continued……….

**خوێنەری بەڕێز!**
**داوای لێبوردن دەكەین كە ناتوانین ئەم بڵاوكراوەیە لە چاپ بدەین بۆ ئەوەی بكەوێتە بەر دەست هەمووتان لەبەر ئەوی كە ئاوێنە سەربەخۆیە و پەیوەندی نییە بە هیچ لایەنێكەوە وە هیچ ڕێكخراوێك نییە لە چاپی دا بۆمان. بۆیە ئێمەش ناچارین تەنها لە لایەن خۆمانەوە چەند ژمارەیەك لە چاپ بدەین** ستافی ئاوێنە

**بۆ پەیوەندی كردن بە ئاوێنە تكایە ئیمەیڵمان بۆ بكەن بۆ:**
**You can e mail us on:**
awena.leeds@gmail.com

ئەم بابەتە لە لایەن بەڕێز ستیوارت هانسن(Director of English Management Direct) نووسراوە.

## بوون بە هاووڵاتی بەریتانی چی دەگەیەنێت لە لای پەنابەرانی کورد لە بەریتانیا؟

بۆ هەزاران کورد، بەریتانیا بووە بە ماڵی دووەمیان. هەر ڕۆژێك ئەوان ئیش دەکەن و ئەژین بە پاڵ هاووڵاتییانی بەریتانی ، مافی دەنگ دانیان هەیە لە هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی ونیشتمانی و هەروەها لە سەفەرو ئیشکردن بە ئازادانە لە سەرانسەری ئەوروپادا. لە هەمووشی گرنگتر ئەوان وەك هاووڵاتییەك پارێزراون بە پێ ی یاسای بەریتانی و ئەوروپی. هەزارەها کورد ئەژین وهاوبەشی دەکەن لە کۆمەڵگەی بەریتانی بە دانی باج (تاکس) و بەشداری کردن لە کۆمەڵگادا. بوون بە هاووڵاتیەکی بەریتانی ڕێگەیان پێ دەدا کە دەنگیان ڕوونتر ببیسترێت، ڕامیاریانە(سیاسیا) و لە ناو کۆمەڵگاشدا بە گشتی. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەوان کەمتر کوردن یان دڵسۆزیان کەمترە بۆ ووڵاتی دایك. بە هاووڵاتی بوون مانای توانەوە یان لەدەست دانی بەها ئایینیەکان ناگەیەنێت. ئامانجی ئەو جێ خۆکردنەوەیە لە ناو کۆمەڵگای بەریتانی لەگەڵ هێشتنەوەی جیاوازی وتێکەڵاوییە کلتورییەکان. بە پێشکەش کردنی داواکاری بۆ بوون بە هاووڵاتی، خەڵکی کورد دەبنە هاووڵاتی چالاك و نازناوێك هەڵدەگرن کە بە تەواوی مافی ئەوانە، نازناوی کوردی- بەریتانی.

## What does becoming a British citizen mean to Kurdish refugees living in the United Kingdom? By Stuart Hanson.

**For thousands of Kurds, Britain has become their second home. Each day they work and live alongside British citizens who have the right to vote in elections at a local and national level and to travel and work freely throughout Europe. More importantly they are protected as citizens by British and European law. Thousands of Kurds live and contribute to British society by paying taxes and taking part in the community. Becoming a British citizen allows their voices to be heard more clearly, both politically and within society as a whole. It does not mean that they become any less Kurdish or have any less loyalty to their homeland. Citizenship does not mean cultural assimilation or a loss of religious values. What it aims to achieve is integration within British society while keeping cultural diversity. By applying for citizenship, Kurdish people are becoming active citizens and taking a title that is rightfully theirs British - Kurdish.**

## (هەڵبژاردەکان چۆیسس-CHOICES)

### هەڵبژاردەکان(CHOICES) بە ڕاوێژکاری لەگەڵ دەزگاکانی پەنابەران وڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان پێکهێنراوە

**ئێمە دەتوانین یارمەتی پێشکەش بکەین سەبارەت بە:**

- ڕاوێژکردن و ئامۆژگاریی هاوڕێیانە- بۆ ئەوەی بڕیارەکانت بدەیت
- کاروباری کۆچبەری لە بەریتانیا – ئامۆژگاری سەبارەت بە هاتنەوە بۆ ناو بەریتانیا جارێکی تر
- زانیاری دەربارەی باری ئاسایش و بارودۆخی سیاسی لە ووڵاتەکەی خۆتدا
- پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یارمەتی لە پێناوی گەڕانەوەدا، لەوانە داواکردنی بەڵگەنامەی سەفەرکردن/ تراڤڵدۆکیومێنت
- کارکردن لەگەڵ گروپە بێ دەسەڵاتەکان (ئەوانەی دوچاری مەترسیین بۆ نموونە کەسانی ژێر تەمەنی هەژدە ساڵان و ئەوانەی پێداویستی تەندروستییان هەیە).

**ئێمە پشتگیری لە مافی تۆ دەکەین:**

- لە ئەوەی توانای هەڵبژاردنت هەبێت- لەسەر بناغەی زانیاری باش
- لەئەوەی یارمەتیت بدرێت و ڕێزت لیبگیرێت-جا بڕیارەکەت بە هەر بارێکدا بێت، بۆ گەڕانەوە بێت وە یان بۆ مانەوە بێت لە بەریتانیا
- لە ئەوەی نهێنیت بپارێزرێت- پرسیارەکانت و هەر زانیارییەکی تایبەت بە خۆت کە بە ئێمەی دەدەیت بە بێ ڕەزامەندی خۆت نابرێتە دەرەوە و هەر لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا دەمێنێتەوە

* ئێمە کۆشش دەکەین بۆ بەدەستهێنانی مافی زیاترو دابینکردنی کاروباری پێویستی زیاتر بۆ ئەوانەی بیر لە گەڕانەوە دەکەنەوە.

* ئێمە بەشداری ناکەین لە ناردنەوەی زۆرە ملێ و ئەوانەی کە بە ئارەزوومەندانە نەبێت کارمەندانی تایبەتمەندی ئامۆژگاریمان، بە شێوەیەکی بێلایەنانە ئامۆژگاری ، زانیاری و یارمەتی بە ئەو پەنابەرانە پێشکەش دەکەن کە لێکدانەوەی ئەوە دەکەن ئایا بگەڕێنەوە بۆ ووڵاتی ڕەچەڵەکی خۆیان یان لە بەریتانیا بمێننەوە.

* هەروەها ئێمە ئامۆژگاری و زانیاری بەخودی کارمەندانی ئامۆژگاری پێشکەش دەکەین.

* خزمەتگوزاری پەنابەر(refugee action ) دەزگایەکی خێرخوازی سەرتاسەری ووڵاتە و بۆ بنیاتنانی ژیانی نوێ لەگەڵ پەنابەراندا کاردەکات.



# Awena reflects our lives




بێ بەرامبەر!

یەك ئاهەنگ بۆ كۆمەڵگەكان لە بێرمینتۆفتس ( Burmantofts) ڕۆژی 17/09/2005 لە قوتابخانەی:
Primerose High School كاتژمێر 12-4 ی پاش نیوەڕۆ بەڕیوە دەچێت.
خواردن و یاری و گۆرانی هەمە ڕەنگ، هاتن بۆ هەموانە، كاتێكی خۆش بەسەر بەرن. ڕەنگە مناڵانی كورد بەشداربن لە چالاكیەكانی ئاهەنگەكەدا.

**Dear readers of Awena!**
**You can request any issue of this newsletter to be sent to you if you let us know by emailing us and we will send you a copy and any new issue of the news letter in the Future, please let us know if you have an article or any suggestions that helps improving the newsletter and to deliver a good service to our readers.**

## بەریتانیا دەستی کرد بە ناردنەوەی کوردەکان!

وەك هەموو دەزانین کۆمەڵێك لە کوردان کە داوای پەنابەرییان کردبوو،ئێستا لە مەڵبەندەکانی دەست بەسەریدان بۆ سنووورداشکردنەوەیان بە بێ بوونی هیچ نیشانەیەک کە ڕەنگە ئازاد بن، سەرەڕای هەموو هەوڵ وهەڵمەتەکانی ڕیکخراوەکانی پەنابەران وچەند خۆپیشاندانێکیش لەلایەن پشتگیرانی گیراوەکان و کۆمەڵگەی کوردی لە بەریتانیا. لەو کاتەشەوە گفتوگۆوئاڵوگۆڕی بیرورِا دەربارەی هۆکارەکانی دەستگیرکردنی ئەم خەڵکە و جێکەوتەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بەردەوامە. لەبەرگرنگی بابەتەکەش ئێمە وەک ئاوێنە بە باشمان زانی لە نزیکەوە لەو هۆکارو پاڵنەرانە بکۆڵینەوە کە هانی حکومەت دەدات بەم هەنگاوە هەڵسێت،سەرەڕای ڕەخنەو تێبینییە زۆرەکانی هەموو ئەو دەزگاو ڕێکخراوانەی لەنزیکەوە ئیش لەگەڵ کۆمیونیتی کوردیدا دەکەن. هەر بۆیە لە ڕێگەی بیربۆچوونی خۆمان هاوشان لەگەڵ کۆکراوەی هەموو ئەوەی وتراوەو پێشنیار کراوە لە ناوەوەو دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی،توانیمان بگەینە ئەم چەند دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1) کوردەکان لە پێشی پێشەوەی لیستی پلانی بەزۆرناردنەوەی حکومەتدان، بە بەراورد کردنیان لەگەڵ پەنابەرە شکست خواردووەکانی کۆمیونیتیەکانی تری ناو بەریتانیا.
2) زۆرینەی ئەوانەی کە گیراون ئەو کوردانەن کە یارمەتی سێکشن (4) یان وەرگرتووە وئیمزای گەڕانەوەی خۆبەخشیان کردووە لەگەڵ کەمێك کە هەرگیزئەو ئیمزایەیان نەکردووە.
3) نەبوونی پەناهەندەگی و ڕەتکردنەوەی داوای پەنابەری ناچاری کردوون کە یەك لەم دووانە هەڵبژێرن: لانەوازی و نەداری یان ڕۆشتنەوەی خۆبەخشی.
4) هەرچەندە پلانەکە بۆ داواکەرانی پەنابەری عێراقییە بە گشتی بەڵام کوردەکان ئامانجی سەرەکیین.

هەرچۆنێك بێت ئەو خەڵکانەی کە ئەم بیروبۆچوونانەیان لا گەڵاڵە بوو،بێزاری وخەمی خۆیان پیشان دەدا بەرامبەر بەو ڕێگەیەی تاکو ئەم ساتە حوکمەت پەیڕەوی دەکات لەگەڵ ئەم کۆمیونیتیە دیاریکراوەدا. هەندێکیان زۆر خەمی بارودۆخی ئەو مەڵبەندی ڕاگرتنانەیان بوو کە ئەو خەڵکانەی تێدا ڕاگیراون. هەندێکیان داوای ئازادکردنی بە پەلەیان دەکرد و کۆمەڵێکیش خوازیار بوون گەرحکومەت تەواوی پلانەکە بوەستێنێت. هەر بەو پێیەش ئێمە وەك ئاوێنە حەز دەکەین کە هاودەنگی خۆمان لەگەڵ ئەو سەرنج و تێبینیانەدا دەربڕین،بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئارەزوو دەکەین کە کۆمەڵێك بابەتی گرنگتر بخەینە پێش چاوی دەسەڵاتداران کە پێویستە لەبەرچاوی بگرن لە کاتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو گیراوانە:

1) ئەوان پێویستە نیاز پاکی ئەم کەسانە خراپ بەکارنەهێنن، لە کاتێکدا خۆیان بە خۆبەخشی دەیانەوێت بڕۆنەوە وئەم کەسانە پێویستە بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.
2) زۆربەی گیراوەکان مافە یاسییەکانی خۆیان نازانن لە کاتێکدا لە دەست بەسەریدان.
3) بە لە بەرچاوگرتنی باری ئابووری کوردستان لە ئێستادا، ئای ئۆ ئێم (دەزگای کۆچبەری نێونەتەوەیی) پێویستە یارمەتی زۆرتر تەرخان بکات بۆ گەڕاوەکان لە بواری (ڕی ئینتی گرەیشن فەند) کە حاڵی حازر تەنها 500 پاوەنە.
4) یارمەتی زیاتر پێویستە لە بواری (بەرنامەی خۆگونجاندنەوە/ڕی ئینتی گرەیشن پرۆگرام) لە ڕێگەی پشتگیری ویارمەتی دانی دەسەڵاتی ناوخۆیی کوردستان تاوەکو یارمەتی گەڕاوەکان بدرێت بۆ دۆزینەوەی ئیش وپرۆژەی بچووك یان خۆگونجاندنەوە.
5) دەمکوت کردن،چەوساندنەوە،ترس،ژیانی ناخۆش،پاکتاوی ڕەگەزی،بێکاری،بێ لانەیی و نەبوونی فرسەتەکان هۆکاری زۆر گرنگ بوون کە بۆچی کوردەکان لە بنەڕەتدا داوای پەناهەندەییان کردووە. بۆیە ئەوان هەست بە ئاسوودەیی ناکەن ئەگەر دووبارە بەزۆر بیچێژنەوە.

هیوا مەحمود

**Try harder!!**

**Well well, one of Awena’s staff went on a very long journey in order to find his most wanted desire (which one needs to spend good part of his life for it, not only a trip of 15 days) but so far the news is not promising. So please wish him luck and a safe return!**